زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ٩ )



# دۆسێی:
# خەلافەتی عوسمانی
## لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت

نوسینی محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: یۆلیۆ ی ٢٠١٩

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ٩ )

# خەلافەتی عوسمانی

# لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت

نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: یۆلیۆی ٢٠١٩

# پێشەکی

باسی ڕیفۆرمە سێکیولارستەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنها مێژوویەکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەشێکە لە توێژینەوەکانم و گەڕان بەدوای ئاماژە سێکیولاریستە بەرایییەکان و مێژووییەکان لە مێژوو وکلتور وتوراسی ئیسلامیدا.

لە گەڵ سێکیولاریزمی جەلالەدینی ئەکبەری هیند و تێزەکەی فەقیهێکی گەورەی وەک نەجمەدین تۆفی، و ئەو هەستپێکردنە زووەی خەلیفە بەهێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە زەڕوورەتی سێکیولاریزم بۆ ئیمپراتۆریەتەکەیان کە نیوەی زیاتری ناموسڵمان بوون، دەتوانین تێزی حەتمیەتی دیموکراتیەت و سێکولاریزمی بوونی هەموو جۆرە دەوڵەتێکی دینی وئایدیۆلۆژی بسەلمێنین، کە لەو سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی دینی ناتوانێت بەوپەڕی ئاسوودەییەوە و کەمالی ڕاحەتەوە هیچ دەوڵەتێک بەڕیوە ببا بێ کێشە!

ڕەنگە بۆ کاتی خۆ پێش سەردەمی تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی زانستی ئەو کارە مەیسەر با، بەڵام هیچیتر جیهان ناتوانێ جیاوازکاری و هەڵاواردن لە دەوڵەتی دینی قبوڵ بکات...

ئەگەر هێرشی سەربازیشی نەکاتە سەر، ئەوە هێرشی میدیایی و ڕێکارە یاساییە گەمارۆ و بایکۆتەکان کاری خۆیان دەکەن تا ماوەیەک.

عوسمانیەکان دواهەمین دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بوون لەسەر زەوی، بۆیە بەرخوردی ئەوان لەگەڵ بیری سیاسی نوێ و هاوچەرخ، گرنگی خۆی هەیە، دەبوایە حەسەن بەنا بە وردی مێژووی خوێنبایەوە، لە ڕوانگەیەکیسیاسی و واقیعیانە، ولە حەتمیەتی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی تێگەیشتبا، بەرلەوەی بیر لە دامەزراندنی ئیخوانی موسلمینی کردبایەوە، بۆ ئەوەی ئەو مێژووە درێژە سفرکاتەوە، لە ڕوانگەی سۆفیەکی جەربەزەگرتوو مێژوو بخوێنێتەوە وابزانی ئەو دواکەوتوویەی کە جیهانی ئیسلام تێیکەتووە لەبەر پشتکردنیانە لە شەریعەتی ئیسلام، و کارکردنیانە بە هەندێ یاسای دانراوی مرۆڤ کردە!

هەر بەناش نا، تا ئەمڕۆش زۆر لە نووسەرە ئیسلامییەکان بۆ ڕاکردن لەو راستیەی کە دەوڵەت بەو یاسا دینییە جیاکارانە و پڕ لە قەسوەتانەی وەک ڕەجمکردن ودەستبڕین و کوشتن بەڕێوە ناچێ، دەڵێن دەوڵەتی عوسمانی لە لاوازییەوە و لە ژێر فشآری زلهێزەکانی ئەو کاتە، پەنای بردە بەر یاسا مەدەنییەکان!

بەڵام کە دەڕوانیتە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە ڕاست نییە، چونکە سەردەمی محمد فاتح ترۆپکی بەهێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو ساڵی ١٤٢٩ زاینی، کەچی

خەڵکی ئەو دێرزەمانە بەر لە بڵاوبوونەوەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ پێیان پڕ قەسوەت بووە، هەتا دەوڵەت ناچار بووە ئەو سزایەی ڕەجم هەڵگرێ، نەک تەنها زینای نێر ومێ، بەڵکو هۆمۆسێکچواڵیتیش لە ساڵی ١٨٥٦ لە لیستی سزا دەرهێنرا.

بەڵێ لەو سەردەمەوە زۆربەی یاساکانی شەریعەت گۆڕدرا بە یاسای مەدەنی بەتایبەتی لە بواری سزاکاندا! ئەو سزایانەی وەک کوشتنی هەڵگەڕاوە و ڕەجمی زانی ژندار ومێردار، وبڕینی دەستی دز وتا کۆتایی، هەمووی گۆڕدرا بە سزای زیندانی کاتی، سەیر لەوەدایە ئیسلامییەکان ئێستاش کاتێ باسی تەتبیقی شەریعەت دەکەن ئەو سزا توونددوتیژانەیان لە هەموو یاساکانیتری شەریعەت لا پەسندترە! هەتا کاتێ باسی جێبەجێکردنی شەریعەت دەکرێ تەنها سزاکان وێنەی خۆی دەکات لە خەیاڵدا!

بەنا لەو بیرکردنەوەیدا بۆ گەڕاندنەوەی شەریعەت و دەوڵەتی دینی، ئیلغای چەندین سەدەی کرد لە ئەزموون و گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی! بەنا وەک هەر سەلەفیەک پێی وابوو: "کۆتایی ئەو ئومەتە چاک نابێت، تەنها بەوەی بەرایی ئومەتی پێ چاک بوو" ئەوەش خوێندنەوەیەکی سەتحی وسادەگیر و ترۆپکی سەلەفیانەیە بۆ شەریعەت وسیاسەت و شارستانیەت و یاساکانی گۆڕانە سیاسی

وکۆمەڵایەتیەکانە! بۆیە هەتا ئەگەر ئەو پڕۆژە بۆ دواوەشیان سەری گرت لەبەر کەمی هوشیاری ئومەت، ئەوە تەنها سەرکەوتن بەسەر ئومەت دا تۆمار دەکات، بە هێشتنەوەیان لەناو جەهل ونەزانی و خورافاتدا، بەڵام لە ناو جیهانی نوێ و هاوچەرخدا گەورەتری دۆڕان تۆمار دەکات، دۆڕانێک چەندین دەیە و سەدە لە ژیانی خەڵکی جیهانی ئیسلامدا دەسووتێنێ ودەفەوتێنێ.

محەمەد هەریری

٢٠١٩/٦/٢٨

# بەشی یەکەم

# حەتمەیەتی سیێکیولاریزمی

## دواهەمین خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی!

# حەتمەیەتی سیکیولاریزمی

## دواهەمین خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی!

زۆربەی خەڵکی موسڵمان و ئیسلامیەکان بە تایبەتی وادەزانن سێکیولاریزم لە تورکیا لەگەڵ ئەتاتۆرک دەستی پێکرد! نازانن سوڵتان وخەلیفە عوسمانیەکان سەدان ساڵ پێش ئەتاتۆرک هەنگاویان ناوە بەرەو سیکیولاریزەکردنی یاساکانی خەلافەت. بە درێژایی ٦٠٠ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی، بێنە بەرچاوت تەنها یەک جار کەسێکیان لەسەر زینا ڕەجم کردوە تا مردن لە ساڵی ١٦٨٠، لە ماوەی هەڵکشانی دەمارگرژی دینی، دوایی دووبارە نەبوەوە لەبەر ناڕەزایی خەڵک[1] ! ماقولە لە کۆمەڵگایەکی وا فرە دین ومەزهەب و نەریت تەنها کەسێک زینای کردبێت؟! نەخێر بەڵام خەلیفە عوسمانییەکان زیاتر سیاسی بوون تا دینی، کە دیویانە ڕەجمکردن و کوشتنی هەڵگەڕاوە و دەستبڕین کاردانەوەی خراپ پەیدا دەکات لەناو خەڵک، وەلایان خستووە. بۆیە بە هەموو پێوەرێک سعودیەکان بۆ نمونە دەسەڵاتی عوسمانی بە پێشکەوتووتر و بەبەزەیتر وحەکیمانەتر دەزانن، کە لە سەردەمی ئەوان تاکە کەسێکیش

[1] Ilber Ortayli, Ottoman Studies (Istanbul: Bilgi University Press, Second Edition, 2007), p164

ڕەجم نەکرا و نەکوژرا لەسەر کوفرکردن یان دینگۆڕین، کەچی لە دەسەڵاتی سعودی وەهابی، هەزاران کەس سزا دراون بە سزا قورسەکانی شەریعەت!

# هەڵوێستی ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان

# لە دەوڵەتی عوسمانی

دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی مایەی شانازی هەموو موسڵمانێکی ئیسلامییە لە تورک وعەرەب و عەجەم، جگە لە بەشێکی کەم نەبێ لە سەلەفیەکان، کە لەبەر مەیلی خەلیفەکانی عوسمانی بۆ تەسەوف و بڵاوبوونەوەی زیارەتی قەبر و شێخ و دەروێشاتی، پێیان وایە دەوڵەتی بیدعە و خوڕافات بووە!

**شیخ ناصر الفهد دەڵێت:**

ئەوەی لە حالەتی دەوڵەتی عوسمانی وردبێتەوە لە دامەزراندنیەوە تا ڕوخانی، گومانی نامێنێ کە دەستێکی باڵای هەبوو لە گەندەڵکردنی عەقیدەکانی موسڵمانان، ئەوەش لە دوو خاڵ ڕوون دەبێتەوە:

یەکەم: لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی شیرک [هاوبەشی بڕیاردان بۆ خوا]

دووەم: لە ڕێگای جەنگانی دژی تەوحید [یەکتاپەرستی]! الدولة العثمانية و موقف الشيخ محمد بن عبدالوهاب منها. تأليف الشيخ ناصر الفهد. منبر التوحيد و الجهاد، ص٢

هەتا بیرمەندێکی ئیسلامی گەورەی ئیخوان و ئیسلامی سیاسی، وەک محمد قطب ئەوپەڕی ئیدانەی دەوڵەتی عوسمانی دەکات!

# محمد قوتب و هەڵسەنگاندنێکی سەلەفیانە

# بۆ دەوڵەتی عوسمانی!

دیاردەیەک هەیە پێی دەڵێن تسلف الاخوان [بەسەلەفی بوونی ئیخوان] کە زۆرجار ژمارەیەکی زۆری ئەو ئیخوانە بەناو وەسەتیانە دەکەونە ژێر کاریگەری مەنهەجی سەلەفیەت، وهێندە تەقەموسی سەلەفیەت دەکەن، کە زۆرجار پێت جیا ناکرێنەوە! نیوەی زیاتری ئیخوانی عەرەب سەلەفین، لە کوردستانیش سەرەڕای ئەو ئازادیەی هەیانبوو بۆ لیکۆڵینەوە و دامەزراندنێکی پتەوی بنەماکانی میانڕەوی، کەرتیکی گەورەیان لە ژێر هەڕەشەی عەقیدی وفکری وکاردانەوەی سەلەفیەکان هەنگاو بەرەو سەلەفیەت دەنێن، ئەوە نەبوو پاش ئەوەی دلشاد کەلاری سەلەفی دژی دەکەوتنی ئافرەت بوو لە تەلەفزیۆن، زۆری نەبرد کەسانیکی پلەدار لەناو یەکگرتووش هۆکاری دۆڕاندنیان لە هەڵبژاردن گەڕاندەوە بۆ بوونی ئافرەت لە تەلەفزیۆنەکەیاندا!!

هەموو کەس دەزانێت کە محمد قطب لەو ڕۆژەوە کە میسری جێهێشت لە سعودیە ژیا تا ڕۆژی مردنی...من زۆرم گوێ لێببوو کە چۆن لەکاتی سیمنار وکۆڕەکنی کە دەیبەستن، سەلەفیە وەهابیەکان تانەیان لەخۆیی و سید قطب ی ڕەحمەتی دەدا بە بیانووی بیدعە ووحدة الوجود وحلول لە تەفسیرەکەی في ظلال، دیارە محمد قتب یش بە هێمنی وەڵامی دەدانەوە و خەم وتوڕەیی خۆی قوت دەدایەوە بە بێدەنگی، وەک سعودیەکی میانڕەو جارێک لە کۆڕێکدا باسی دەکرد.

لە بابەتێکدا سەلەفیەک نوسیتی بەناوی: دڵفراوانی ئیبن باز لە ڕاستکردنەوەی هەڵەی محمد قطب [سماحة ابن باز في تصحيح خطأ محمد قطب] باسی هەڵوێست وەرگرتن لە محمد قطب دەکات، دیارە بە توندرەوەکانی ناو توندڕەوە سەلەفیەکان دەڵێت: لە وەڵامی هەڵوێست لە محمد قطب، لەوە چاکتر وەڵامم دەست ناکەوێت کە پەیڕەو لە مەنهەجی ابن باز بکەم کە ڕیزی لێدەگرت وداوای ڕادەربڕینی لێدەکرد لە چەند مەسەلەیەک، ودوایی رایەکانی ڕاست دەکردەوە ئەگەر هەڵەی تێدا بایە. بە تایبەتی محمد قطب لەوکەسانە بوو، کە جاڕی نکولیکردنی خۆیدا لە دژی تەسەوف، ولە لایەنگرانی دەعوەی ئیمامی

موجەدید [محمد عبد الوهاب] بوو، ولە بەهێزترین پشتیوانانی کاروباری دەوڵەتی تەوحید بوو کە خۆی دەنوێنێت لە سعودیە!!

ئینجا نووسەر رەدی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن: ابن باز ئاگای لە واقیعی ئیخوان موسلمین نەبوو، دەڵێت تۆ قسەی ناحەزانی شێخە سەلەفیەکان دووبارە دەکەیتەوە، کاتی ابن با ز و شێخەکانی تر تاوانبار دەکەن بە تێنەگەیشتنی واقیع لە فەتوا دان دژی خۆپیشاندان ودەرچوون دژی حوکامەکان وخەڵک هاندان لە دژیان [ببینە چۆن خەمی گەورەیان پاراستنی حوکامە؟!!!]

ئینجا ڕوداوێکی سەیر دەگێڕێتەوە لە نیوان محمد قطب و ابن باز لە مەجسلێکدا، ودەلێت یەکێک لە ابن بازی پرسی: دەزانین دەعوەی ئیمامی موجەدید [محمد عبد الوهاب] و دەوڵەتی ئیمام محمد بن سعود لەسەر بنچینەی تەوحید وبڵاوکردنەوەی ئیسلامی ڕاست [!] بنیات نرا، بەڵام کەسانێک هەن دەڵێن: خروجیان کرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لەو کاتەدا، وەڵامەکەی چییە؟!

لیرە کابرا نیگەرانە وشەو و ڕۆژ پێی دەڵین خروج لە دژی فەرمانڕەوایانی موسڵمان حەڕامە، کەچی ئیمامی دەعوە

ودەولـەتی وەهابی خۆیان دەرچوون وخروجیان کردوە لـە دژی دەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی ئەو کاتە، کە نوێنەرایەتی زیاتر لە ٩٠% موسڵمانانی دەکرد لە جیهاندا!

تۆ چ هەڵوێستێک لە محمد قطب چاوەڕێ دەکەیت لە ئاست ئەو پرسیارە، کە ابن باز داوای لێدەکات لە جیاتی ئەو وەڵامی داتەوە؟

محمد قطب گووتی: وەڵامی دەدەمەوە بە مەرجێک وەڵامەکە تۆ تەواوی کەیت.

ابن باز: باشە، کێشە نیە!

محمد قطب لە وەڵامدا گووتی:" لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی سۆفی بوو، وگومڕایی لێی بڵاوببوەوە، وحوکمی بە شەریعەت نەدەکرد، ولیواو لێو بوو لە موخالەفاتی شەرعی، هەردوو ئیمامی موجەدید ئیجتیهادیان کرد لە ڕەوایی جیهاد وخروج لە دژیدا!! "

"أنه لما كانت الدولة العثمانية دولة صوفية وانتشرت فيها الضلالات ولا تحكم بالشريعة وفيها من المخالفات الشرعية ما فيها، اجتهد الإمامان المجددان في تجويز جهادها والخروج

علیها."

ابن باز لە ڕاستکردنەوەدا دەڵێت: دەوڵەتی عوسمانی کۆنترۆلی بەسەر نەجد نەبوو، نەجد ئیمارەتی جیا جیای لێبوو، ودەوڵەتی لێنەبوو، دوو ئیمامەکە لە دژی بارودۆخەکان دەرچوون، نەک لە دژی دەوڵەتی دەستگرتوو بەسەر خاکدا!

دوایێ ابن باز هەر خۆی پێچەوانەی خۆی دەکاتەوە ودەڵێت: وامان دانا ئەشرافەکان جۆرێک دەسەڵاتیان هەبوو لە حیجاز، بەڵام دانهێنان بە شرک الاکبر وعیبادەتی غەیری الله، لەو بەڵگە روونانە بوون بۆ دەستگرتن بەسەر مەککە وخستنە سەر دەوڵەتی تەوحید، چونکە جێکەوتی وەحیە، بۆیە دەبوایە ئەو دەوڵەتە هەڵسێت بە لادانی شیرک و ئەوثان وئەوەی ڕەوایەتی بەو شیرکە دابوو!!!

ابن باز باسی شرک الاکبر و اوثان وعبادەتی غەیری خوا دەکات لە مەککە، دەڵێی باسی دەوڵەتێکی وەسەنی دەکات لە ماجاهیلی ئەفریقیا!!

هەموو کەس دەزانێت خەلیفەی عەباسی لە سەردەمانێکدا بەس بەغدای حوکم دەکرد، کەچی لە هەموو وولاتانی ئیسلام دانیان بە خەلافەتی ئیسلامی وخەلیفەی عەباسی دەهێنا، وەک

لەسەردەمی صلاح الدین الایوبی بۆ نمونە، کە صلاح الدین توانای هەبوو خەلیفەی عەباسیش لادات، بەڵام ئەو کارەی نەدەکرد لەبەر هۆکاری شەرعی، هەرچەندە خەلیفە زۆر سەرئێشەشی بۆی دروست دەکرد!

ئینجا جەزیرەی عەرەبی ئەگەر بەشێکیشی لە نەجد لەژێر قەڵەمرەوی عوسمانی نەبوو بەڵام ئەوە هەق بە هەردوو ئیمامەکەی دەولەتی وەهابی نادات لە دژی دەرچن، بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ خروج علی الحکام!!

بە گەڕانەوە بۆ ئەسڵی باسەکە دەڵێم: بەڕاستی ئەگەر ئەو ڕیوایەتە ڕاست بیت، و محمد قطب وەک طالب العلم ێکی سەلەفی قسەی کردبیت ورەوایەتی بە خروج دابێت لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە گوایە دەوڵەتێکی سۆفی بوو، وگومڕایی لێی بڵاوببوەوە، وحوکمی بە شەریعەت نەدەکرد، ولیواو لێو بوو لە موخالەفاتی شەرعی!! کەوابوو خەڵک نا هەقی نیە بڵێن: ئیخوان لە قوڵایی ناخیاندا سەلەفین، ودەرکەوتنی ئەو سەلەفیەتە چاوەڕێی هەل ومەرج دەکات!! من زیاتر بیرم بۆ تەلەون وحەربائیەت دەچێت، لە هەر شوێنێک بن ڕەنگی ئەوێ دەگرن.

لە کویێت وەک سەلەفیەکان دژی خۆکاندید کردن ودەنگدانی ژنان بوون، چونکە عەشایرە دواکەوتوەکان وسەلەفیەکان دژی ئافرەت بوون! لە یەمەن وەک خەلکی یەمەن دژی هەموو مافەکانی ئافرەت بوون، تا ئافرەتان سزایان دان لە هەڵبژاردنێک لە دژی ئیخوانەکانی حزبی اصلاح دەنگیان دا! لە سعودیە هەر بۆ مێژووش دەنگیان نیە، چونکە وەزع ڕێگا نادات حزبیان هەبێت!

دەکرێت هەردوو هۆیەکە بێت، لە ناخدا سەلەفین لەبەر نەبوونی بەرنامەی عەقیدی تایبەت بەخۆیان، سەرەڕای ڕەنگ گۆرینیش.

ماقوڵ نیە بیرمەندێکی گەورەی وەک محمد قطب یش وەک حەرباء ڕەنگی خۆی بگۆڕێت وبە ئەنقەست ببێتە سەلەفی لە بیرکردنەوە، لە کاتێکدا گەورەترین بیرمەندی ئیخوان بوو؟![٢]

---

[٢] - سەرچاوەی وتار: id=351&http://www.al-muthaqaf.net/index/news.php?action=show

٢٠١٤/٤/٢٢

بەڵام ئیسلامی سیاسی، هەر کاتێ لە سەلەفیەت نزیک بوون، هەڵوێستیان وا نەرێنی دەبێت لە دژی دەوڵەتی عوسمانی وەک محمد قوتب و هەندێ ئیخوانی خەلیج. بەڵام کاتێ دژی سعودیە بن و لە ئەردۆگان نزیک بن، وەک ئیخوانی ئەمڕۆ ئەوە بە جۆرێکیتر دەڕواننەهەتا بەشێک لە سەلەفیەتی جیهادیش وەک نموونەیەکی گەورە ومەزن دەڕواننە ئەو خەلافەتە، کە گوایە بۆ ماوەی ٦٠٠ ساڵی تەمەنی ]١٢٩٩ -١٩٢٤ [شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ دەکرد، پارێزگاری لە ئیسلام کردوە، وکۆتایی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانیش، بە کۆتایی حوکمی خودای دەزانن لەسەر زەوی!

ڕاستیەکەی خەلیفە عوسمانیەکان دینیان وەک ڕوپۆشێک بەکار دەهێنا لە پێناو فراوانخوازی و پاوانخوازی دەسەڵات. دەنا ئەو خەلیفانەی کە بە بڕیارێکی ڕەسمی بۆیان هەبوو برا و کوڕی خۆیان بکوژن لە پێناو خەلافەت، چۆن ئیسلام بەکار ناهێنن لەو پێناوە؟!

بۆیە ئەو خەلیفانە هێندە وریا ومیکیاڤیلی بوون، ئامادەی هەموو گۆڕانێک بوون لە موقەدسترین شتدا!

# زەبردەستی عوسمانییەکان و

# یاسای محمد فاتح وەک نموونە!

ئەو بابەتە بچوکەی لەسەر ڕۆڵی عوسمانیەکان لە زیندووکردنەوەی نەریتی کوشتن بە خازوق، واتە دارێکی تیژ تێبڕین لە کۆمی مرۆڤ و دەرکردنی لە بەشی سەرەوەی جەستەی، دەمی یان شانی یان هتد! نوسینی ئەو پۆستە بۆی سەلماندم کە کەسانێک هەن وەک چۆن سەلەفیەت بەو بێ قەت باسی دەوڵەتی ئەمەوی نەکەیت بە خراپ، بە هەمان شێوە پێیان ناخۆشە باسی دەوڵەتی عوسمانی بکەیت، وەک بڵێی باسی دەوڵەتی خولەفای ڕاشدینی پیرۆزکراو بکەیت!

کەموکورتی و نامرۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هێندە زۆرە بە ئینسکلۆپیدیایەکی دەبەرگیش کۆتایی نایەت، هەول دەدەین ناوە ناوە ئەو پەردە ڕەشە لەسەر چاوی ئەو ساوییلکانە هەڵدەینەوە! هەندێکیان لەوانە پێیان وایە کە باسی خاڵە نێگەتیڤەکانی عوسمانیەکانت کرد یانی تۆی ستایشی ئەتاتۆرکیەت و کەمالیست دەکەیت! بەڕای من هەردووکیان کارەسات بوون و یەک عەقڵیەتی تورکچی دڵ ڕەق و وەحشی

ئاڕاستەی دەکردن، نازانم بۆ دەبێت کورد لە بەرەیکیان بێت، بۆ نابێت هەردووکیان وەک خۆی پێ بناسێنیت؟! بەڵام نایشارمەوە بەڕای من هێشتا دەوڵەتی عوسمانی چاکتر بوو لە کۆماری تورکیای کەمالیست، یان کەمتر خراپ بوو!

لەو بابەتە باسی یاسایەک دەکەین بەناوی: یاسای محمد فاتح بۆ کوشتنی براکانی سوڵتان!

بۆ ئەو بابەتەی پەیوەست بە محەمەد فاتح هەڵبژارد؟ چونکە شتێکی زۆر دەگوترێت لەسەر گەورەیی محمد فاتح، و لە مێژووی دەولەتی عوسمانی بە پیرۆزترین خەلیفەی عوسمانی دەناسرێت کە قوستەنتینیە [ئەستانبۆڵ] ی داگیر کرد لە دەستی بێزەنتیەکان، و هەروەها هەتا حەدیسی پێغەمبەریشیان بۆ داتاشیوە! بابزانین ئەو خەلیفە هەرە موبارەکەی عوسمانیان چ جۆرە یاسایەکی دەرکردوە. دەقی یاساکە زۆر بە ڕاشکاوی لە یاسای تایبەتی عوسمانی دا هاتووە دەڵێت:

" اذا تيسرت السلطنة لآي ولد من اولادي فيكون مناسبا قتل اخوته في سبيل تأسيش نظام العالم، وقد اجاز هذا معظم العلماء، فيجب العمل به"

[ئەگەر سەڵتەنەت کەوتە دەستی هەر کوڕێک لە کوڕەکانم گونجاو دەبێت براکانی بکوژێت لە پێناو دامەزراندنی ڕژێمی گشتی، زۆربەی زانایانی ئیسلام مۆڵەتی ئەوەیان داوە،بۆیە دەبێت کاری پێ بکرێت]

ئەو یاسایە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی نەبووە لە دڕندایەتی و داڕمانی ڕەوشتی، لە هیچ نەتەوە و دینێک شتی وا ڕووی نەداوە! سەیر لەوەدایە کە ئەو یاسایە لە ژێر دەستی کەسێکدا دەرچووە گوایە حەدیسێکی پێغەمبەری لەسەر جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت: "لتُفتحن القسطنطينية ، فلنعم الأمير أميرها ، ولنعم الجيش ذلك الجيش". واتە [قوستەنتینە فەتح دەکرێت، چاکترین ئەمیر ئەو ئەمیرەیە، و چاکترین سوپاش ئەو سوپایەیە]!

ئەو حەدیسە هەرچەندە بە بنەماکانی زانستی حەدیس یش لاوازە " الحديث ضعيف انفرد به عبدالله بن بشر الخثعمي، وهو مجهول" و ئەلبانی یش زەعیفی کردوە، بەڵام هەر چۆن ئەو محمد فاتیحە چاکترین ئەمیر دەبێت کە یاسایەکی وا دڕندەی داڕێژتبێت، و برایەکی ٦ مانگانی خۆشی کوشتبێت؟! یان چۆن ئەو سوپایە چاکترین سوپا دەبێت کە لە کاتی گرتنی

قوستەنتینیە سێ ڕۆژی تەواو بەس خەڵکیان کوشت و تاڵان و دزیان کرد؟! ئەو فەزاعەتەی کە لێیان دەگێڕنەوە لەو مێژووەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ سوپای هۆلاکۆ و جەنگیزخان.

وەک هەمیشە ئیسلامیەکان و تورکچیەکان ئەو یاسایە بە چەندین جۆر ڕەت دەکەنەوە وەک:

یەکەم: عەرەب وتورکە ئیسلامیەکان بە پاڵنەری دینی و نەتەوەیی نکوڵی لەو یاسایە دەکەن و دەڵین شتی وا نەبووە چۆن پیاوێکی وا لە خواترسی وەک فاتیح، کە ستایشی پێغەمبەری بەرکەوێت کاری وا دەکات؟!

دووەم: هەندێکی تریان دەیان پینە و پەڕۆی بۆ دەکەن و دەڵێن ئەو یاسایە لە یاسای سزادانی شەریعەتی ئیسلام وەرگیراوە! ئەوە حوکمی [البغی و البغاة] ە، یانی ستەم و ستەمکاران و دەستدرێژی کەر! ئینجا باسی ئەو برایانەی خەلیفەکان دەکەن کە خیانەتیان کردوە و لە سزای ئەوەدا کوژراون وەک کوشتنی موورادی یەکەم بۆ کوڕەکەی [ساوجی] کە بە سوپایەک بەروە ڕووی باوکی بوەوە وەک هاوپەیمانی بێزەنتیەکان! یان کاتێ سوڵتان سەلیم هەردوو براکەی کوشت کە یەکیان دایە پاڵ دەوڵەتی سەفەوی و ئەویتریان یاخی بوو لە باوکی! و لە

سێدارەدانی سلێمانی قانونی بۆ بایەزیدی کوڕی و پێنج لە براکانی خۆی! ئەوە قانونیەکەیانە، دڕندەکانیتریان چۆن بووە؟!

سێیەم: هەیانە گومان دەخەنە سەر ئەو بەڵگەنامانەی دۆزراوەتەوە لەو بارەیەوە و دەڵێن هەڵبەستراوە و دوژمانی ئیسلام و عوسمانیەکان هەڵیان بەستوە! بۆ وەڵامی ئەو نکوڵی لێکردنانە و بە نسبەت خاڵی یەکەم دەڵێین لە کتێبی الدولة العثمانية المجهولة ٣٠٣ سؤال وجواب، نووسەرەکانی کتێبەکە زۆر سوک لەو نکولی کەرانە دەڕوانن سەرەڕای ئەوەی خۆیان زۆر عوسمانلی دیارن، دەڵێت بەڕای ئێمە هۆی سەرەکی ئەو ڕایە ئەوەیە ناتوانن مەسەلەی کوشتنی برا بە ڕوونی تەفسیری بکەن لە ڕووی شەرعەوە!

بە نسبەت خاڵی دووەم دەڵێین جارێ یاساکە بە هیچ جۆریک ناڵێت ئەوەی خیانەتی کرد وای لێ بکرێت، بەڵکو دەڵێت: " ئەگەر سەڵتەنەت کەوتە دەستی هەر کوڕێک لە کوڕەکانم گونجاو دەبێت براکانی بکوژێت لە پێناو دامەزراندنی ڕژێمی گشتی" کەوابوو یاساکە بەرامبەر سزادانی تاوانێک دانەرژێراوە بەڵکو هەر لە پێناو کوشتندا، لەو ڕێیەوەش سەدەها نمونەی جێبەجێ کردن لە مێژووی عوسمانیەکان سەرەتا بە فاتیح دەست

پێ بکەین کە برایەکی منداڵی ٦ مانگەی کوشت، یان محمدی سێیەم کە لە یەکەم ڕۆژی گرتنە دەسەڵاتی ١٩ برای خۆی کوشت! یان سوڵتان موڕادی سێیەم کە پێنج برای خۆی کوشت لە پاش وەرگرتنی دەسەڵات! یەلدەرم بایەزید یەعقوبی کوڕی کوشت بێ ئەوەی هیچی کردبێت بە بیانووی ئەوەی نەوەک لە ئاییندەدا یاخی بێت!

نووسەری الدولة العثمانیة المجهولة دەڵێن ئەوانەی نکوڵی دەکەن لەو یاسایە زۆر نەزانن بە مێژوو چونکە یاساکانی فاتیح لە سەدان بەڵگەنامەدا هاتووە، ئەو مادەیە بوونی هەیە لەو نوسخەیەی کە لە کتێبخانەی شاهانەی ڤیەنا دۆزرایەوە، دوایی نوسخەی دووەمیش دۆزرایەوە هەروەها باسی ڕۆڵی زۆر خراپ و نیگەتیڤیانەی موفتی و شێخەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە چۆن ڕێگایان خۆش دەکرد بۆ ئەو کوشتنە بێ هۆیانە! دەڵێت بەپێی ئەو ئەنجامانەی لیکۆڵەری گەورە [عبدالقادر اوزجان] پیی گەیشتوە، ئەو فەتوایانەی [کوشتنی سیاسی] لە شێخانی ئیسلام و قازیەکانی وەک شێخ سعدالدین و پۆستەچی زادە و یەحیا ئەفەندی وغەیری ئەوانیش دەردەچوون...!

نمونەیە لەو فەتوایانەی هیناویەتەوە دەڵێت لە کتێبی [مشارق الانوار] هاتووە: ڕێگرتن لە کاروباری نامەشروع بە سزای مەرگ و لە سیدارەدان لە ئەرکەکانی ئیمام و جێگرانی تی، چونکە ئەوان سیاسەت باشتر دەزانن! میکیاڤیلیەتی ڕیزپەڕی عوسمانیەکان لە خوێن ڕشتنی هەتا برا وکوڕەکانی خۆیان دەردەکەوێت، کە من هەست دەکەم ئەو نەزعەیەیان هی پێش ئیسلامیش بێت، چونکە ئیسلام قەت داوای نەکردوە تۆ لەگەڵ هاتنە سەر حوکم خوێنی هەموو براو کوڕەکانت بڕێژیت، ئەوە تۆڕانیەتی مێژوویی یە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی وەحشیەتی سەرەتایی تورک، کە تا ئەمڕۆش ئاسەواری بەهێزی ئەو ڕەوشتە توندوتیژە لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیان دەردەکەوێت، لە کوشتنی کچێکی هەرزەکار لەبەرچاوی دایک وباوکی، لێدانی بەکێبڵ لە دایکە بە ساڵاچووەکانی کورد، لە لێدانی منداڵی بەستەزمانی کورد، لە دڕەندەترین ئەشکەنجەدانی گیراوانی کورد وهتد..[٣]

[٣] - سەرچاوەکانی ئەو باسە:
١-الدولة العثمانية دولة اسلامية مفترى عليها -د.عبد العزيز محمد الشناوي
٢-تاريخ سلاطين بني عثمان-يوسف بك آصاف
٣- الدولة العثمانية المجهولة ٣٠٣ سؤال وجواب توضح حقائق غائبة عن الدولة العثمانية تأليف د. أحمد آق كوندز - أ.د. سعيد أوزتورك
٢٠١٨/٣/١٤

# میکیاڤیلیەتی

# سوڵتانە عوسمانییەکان!

بۆیە کاتێ خەلیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەو ڕوحیەتە میکیاڤیلییەوە، بەتایبەتی لە محمد فاتیحەوە وە سەرنجیان دا، لە ئەنجامی سیاسەتی جێبەجێ کردنی شەریعەت، یاخیبوون و ڕاپەڕین و نارەزاییەکی زۆر لە ناوچەکانی خەلافەت بڵاوبوەوە، لەبەر جیاوازیکردن لەنێوان موسڵمان و ناموسڵمان، هەتا تاکی موسڵمان لەناو خەلافەت پێی دەگوترا عوسمانی، غەیرە دینەکان پێیان نەدەگوترا عوسمانی، وەک بڵێی تەنها موسڵمان هەقی هاونیشتمانی بوونی هەبێت!

هەروەها زانیان یاساکانی سزادان لە دنیای نوێدا ناگونجێ، خەلیفە عوسمانیەکان هەستیان بە جدیەتی ئەو کێشانە کرد، زانیان ئیمپراتۆریەتێکی وا گەورە لەسەر بنچینەی جیاوازکاری بەردەوام نابێت، بۆیە زوو نزیکبوونەوە لە یاسا مەدەنییەکان و دەستهەڵگرتن لە زۆر لە بڕگەکانی یاسای شەریعەتی ئیسلامی.

زۆر لە نووسەرە ئیسلامییەکان بۆ ڕاکردن لەو راستیەی کە دەوڵەت بەو یاسا دینییە جیاکارانە و پڕ لە قەسوەتانەی وەک ڕەجمکردن ودەستبڕین و کوشتن بەڕێوە ناچێ، دەڵێن دەوڵەتی عوسمانی لە لاوازییەوە و لە ژێر فشآری زلهێزەکانی ئەو کاتە، پەنای بردە بەر یاسا مەدەنییەکان!

بەڵام کە دەڕوانیتە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە ڕاست نییە، چونکە سەردەمی محمد فاتح ترۆپکی بەهێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو ساڵی ١٤٢٩ زاینی، کەچی لەو سەردەمەوە زۆربەی یاساکانی شەریعەت گۆڕدرا بە یاسای مەدەنی بەتایبەتی لە بواری سزاکاندا! ئەو سزایانەی وەک کوشتنی هەڵگەڕاوە ورەجمی زانی ژندار ومێردار، وبڕینی دەستی دز وتا کۆتایی، هەمووی گۆڕدرا بە سزای زیندانی کاتی، سەیر لەوەدایە ئیسلامییەکان کاتێ باسی تەتبیقی شەریعەت دەکەن ئەو سزا توندوتیژانەیان لە هەموو یاساکانیتری شەریعەت لا پەسندترە!

کەچی خەڵکی ئەو دێرزەمانە بەر لە بڵاوبوونەوەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ پێیان پڕ قەسوەت بووە، هەتا دەوڵەت ناچار بووە

ئەو سزایەی ڕەجم هەڵگرێ، نەک تەنها زینای نێر ومێ، بەڵکو هۆمۆسێکچواڵیتیش لە ساڵی ١٨٥٦ لە لیستی سزا دەرهێنرا. ل١٠

ئەوەش بوو هۆکاری ئەوەی کاتێ دەوڵەتەکان سەربەخۆییان لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت، زۆربەیان یاسای سزادانی شەریعەتیان پەیڕەو نەکرد، چونکە دەوڵەتی خەلەفەتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٥٨ وە ئەو سزایانەیان وەلانابوو![٤]

سوڵتان محمەمەد فاتیح [ ١٤٢٩ز-١٤٨١ ز] نەک بێ هێز نەبوو بەڵکو ئەو دەوڵەتێکی مەزنی وەک ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لەناوبرد، کە تەمەنی هەزار و سەد ساڵ بوو! فاتح یەکەم کەسە یاسای مەدەنی و یاسای سزادانی مەدەنی گۆڕی بە یاسای سزاکانی شەریعەت... کەوابوو لە ژێر فشار و لاوازییەوە کاری وای نەکردوە!

نووسەرێکی هەواداری عوسمانی دەربارەی محمد فاتح دەڵێ: "لە دەستکەوتەکانی دانانی یەکەم یاساگەلی مەدەنی و یاسای سزاکان، سزا بەدەنیەکانی گۆڕی، واتە وەک چاو بەچاو و دان بەدان، لە جیاتی سزای نەختینەیی دانا بە جۆرێکی سوڵتان

[٤] Legal Recognition of Same-sex Partnerships: A Study of National, European and International Law، p438

سلێمانی قانونی تەواوی کرد لە دوای ئەودا "ومن مآثره أيضا وضعه أول مبادئ القانون المدني وقانون العقوبات، فأبدل العقوبات البدنية، أي العين بالعين والسنّ بالسنّ، وجعل عوضها الغرامات النقدية بكيفية واضحة أتمها السلطان سليمان القانوني لاحقا."[٥]

[٥] ـ تاريخ الدولة العليّة العثمانية، تأليف :الأستاذ محمد فريد بك المحامي، تحقيق: الدكتور إحسان حقي، دار النفائس، الطبعة العاشرة ١٤٢٧ :هـ ـ ٢٠٠٦ م، صفحة: ١٧٨

# بـەشـی دووەم

# ڕیـــفـــۆرمـــــه

# عەلمانیەکانی خەلافەتی عوسمانی!

# ڕیتمی ڕیفۆرمە عەلمانیەکان

# خەلافەت و بەربەستەکانی!

ئینجا لەدوای ئەوە سوڵتان سلێمان قانونی [١٤٩٤/١١/٦ – ١٥٦٦/٩/٧ ز] کەنازناوی قانونی لێنرا، لەبەرئەوەی یەکەم سوڵتان بوو ڕیفۆرمێکی زۆری کرد لە یاسای دادگاکان و یاسای سزادان و پەروەردە وفێرکردن و یاسا کۆمەڵایەتیەکان و باجەکان.. سوڵتان سلێمانی قانونی هێندە ناودار بوو لە ئەوروپا ناویان نابوو بە سلێمانی مەزن The Great Suleyman. ئەو پیاوە لە یەک کاتدا جگە لە ئەستەنبۆل دەیان پایتەختی شارستانە کۆنەکانی حوکم دەکرد وەک ئەسینا و سۆفیا و بەغدا و دیمەشق و بۆداپێست و بەلگراد وقاهیرە و جەزائر و بوخارست و هی تریش...

ئەو ڕیفۆرمانە ئەگەر بهاتایە زۆر خێرایی لێکرابایە، بازنە کۆنەپەرستەکان ئاستەنگیان بۆی دروست نەکردبا، بە تایبەتی ئەو کاتە دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی شازدەهەم لە لوتکەی زلهێزەکانی جیهاندا بوو، ڕەنگە دەرەنجامێکی زۆر مەزنی لێکەوتبایەوە، نەخشەی جیهانی گۆڕیبا! بەڵام لەبەر ئاستەنگە

ئاسۆ تەنگەکان و دەمارگرژی دینی، کاتێ گەیشتە سەدەی هەژدەهەم بێ ئاگا لە پێشکەوتنی زانستی وڵاتە ئەوروپاییەکان، خەلافەتی عوسمانی خۆی بە لاوازتر لە هێز و پێشکەوتنی ئەوروپاییەکان دۆزیەوە، پاش ئەوەی لە مەیدانی شەڕەکان هەستی بە جیاوازی باڵادەستی سەربازی وڵاتە ئەوروپاییەکان کرد لە ڕووی زانستی سەربازی وچەکی نوێ، بۆیە زۆر لە شەڕەکانی ئەو کاتەی دەدۆڕاند!

بۆیە دەوڵەتی عوسمانی دەستی بە هەڵمەتێکی خێرا لە ڕیفۆرمخوازی کرد بۆ گۆڕینی یاساکان و سەپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوونی هەموو نەتەوە و دینێک، بۆ بەرگرتن لە داڕمانی خەلافەت.

یەکەم خەلیفە هەستی بەو دواکەوتنە کرد لە کاروان، سوڵتان سەلیمی سێیەم [١٧٨٩-١٨٠٧ ز] بوو. هەر لەگەڵ تاج کردنە سەری دەستی بە بەرنامەیەکی چڕی ڕیفۆرمخوازی کرد لەسەر ستایلی ئەوروپی. دەستیکرد بە گۆڕینی سیستمی پەروەردە وفێرکردن، ویاسا و سیستمی سوپا، دامەزراندنی سوپایەکی نوێی مۆدرن، کە بەرەنگاری کرایەوە لەلایەن هێز و سوپای ئینکشاریەکان، کە نەیاندەویست سیستمی کۆنی سوپا وجەنگ بگۆڕێت، سوپا

نوێکەشیان وەک هەڕەشە دەبینی لەسەر خۆیان، هەرچەندە گرنگی خۆشیان لە دەست دابوو.

شێخولئیسلامی خەلافەتیش چووە پاڵ ئەو هێزانەی ئینکشاریە کۆنەپەرستەکان و پێکەوە سوڵتان سەلیمی سێیەمیان ڕوخاند و کوشت، لە جیاتی ئەو براکەیان موستەفایان لە جێگایدا دامەزراند. دوایی موستەفاش لادرا لەلایەن لایەنگرانی سوڵتان سەلیمی پێشوو و برازاکەی محمدی دووەمیان کردە خەلیفە [١٨٠٨-١٨٣٩] سوڵتان محمد وەک سوڵتان سەلیمی مامی زۆر سوور بوو لەسەر مۆدرەنایزکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی، لە ڕێگای پەسندانی یاسا ئەورووپیەکان بەسەر یاسا عوسمانیەکان (Kanun-i Osmani). هەر لەو ساتانەشدا دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و ڕوسیاش فشاریان دروست کردبوو بۆ پێدانی مافی یەکسانی بە هاوڵاتیە ناموسڵمانەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

ئەو هەوڵانەی ڕیفۆرمخوازی ناونرا تەنزیمات کە زۆربەیان بە فەرمانی سوڵتانی دەردەچوون، یەکەم هەوڵی گەورە وڕەسمی لە نۆڤەمبەری ١٨٣٩ یەکەم هەوڵی ڕیفۆرمی دەرجوو بە ناوی خەتی گوڵهانە یان خەتی شەریف، لەلایەن سوڵتان عبدالمجید [١٨٣٩ - ١٨٦١ز]

# تەنزیماتی یان خەتی گوڵهانە ١٨٣٩:

کە سوڵتان بە دەسخەتی خۆی نووسیبوی بۆیە دەسخەتی شەریفیشیان پێدەگووت، داوای گۆڕانکاریەکی ڕەگوڕیشەیی دەکرد لە دەزگاکانی دەوڵەت. جیاوازی نەکردن لە نێوان هاوڵاتیان لە ئەرک ومافەکان لەسەر بنچینەی مەزهەب ودین و نەتەوە، ودەستەبەرکردنی ئازادی پەرستشگاری بۆ هەموو دین ومەزهەبێک. پاراستنی ژیان و ماڵ ومولکی هەموو هاوڵاتیان بەبێ ڕەچاوکردنی بیروباوەڕی دینی. دەرکردنی یاسای نوێ بۆ یەکسانی تەواو لە نێوان موسڵمانان و جوو و مەسیحی، خستنی یاسای سەرانە وجزیە وەرگرتن لە ئەهلی کتاب! لەگەڵ چەندین یاسای تری پەیوەند سوپا و پەروەردە و فێرکردن و باج و هتد...

ئەو ڕیفۆرمەی گوڵهانە ڕێگای خۆشت کرد بۆ نەهێشتنی سزای کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام لە ساڵی ١٨٤٤.

# خەتی هومایۆنی ١٨٥٦

ئەو فەرمان ومەرسومەش هەر لەلایەن سوڵتان عبدالمجید دەرکرا لە ١٨٥٦/٢/١٨، کەتیایدا جەختی لەسەر پرنسیپە جاڕدراوەکانی خەتی گولهانە کردەوە،بە پاراستنی ماڵ وگیانی هاوڵاتیان بێ جیاوازی، یەکسانی لە دانی باج، هەڵگرتنی سەرانە یان جزیە، نوێنەرایەتی کردنیان لە ئەنجوومەنەکانی گوند وشار و هەرێمەکان، ناردنی منالەکانیان بۆ قوتابخانە حکومیەکان کە بەرلەوە تەنها بۆ موسڵمانان بوو. بەژداری پێکردنیان لە سوپا و پۆستە حکومیەکان و چەندین ڕیفۆرمی تر کە لە یاسا ئەوروپییە سێکیولارەکان وەرگیرابوو. ئەوەی شایانی باسە ئەگەرچی لە خەتی گوڵهانە زمانێکی دینی بەکارهاتبوو، گوایە ئەو ڕیفۆرمانە دەکەن لە پێناو ئیسلامدا!

بەڵام لە خەتی هومایۆنی هیچ ئاماژەیەکی دینی تێدا نەبوو، بەتەواوی دۆکیومێنتەکی سێکیولار بوو! یاساکانی خەتی هومایۆنی پشتی بەستبوو بە یاساکانی ناپلیۆنی ساڵی ١٨١٠. بۆ یەکەم جار سیستمی دادگایی لە دەوڵەتی عوسمانی دانرا وەک دادگای بەرایی و تێهەڵچوونەوە وبەدواداچوون، کە سیستمێکی تەواو سێکیولار بوو. [٦]

٦ - ٢٠١٩/٥/٢٥

# بەشی سێیەم

# دوا سوڵتانی عوسمانی

# عبدالحمیدی دووەم و سێکیولاریزم!

# دوا سوڵتانی عوسمانی

# عبدالحمیدی دووەم و سێکیولاریزم!

## خەتی چاکسازی و تەنزیماتی نوێ ١٨٧٤

ئەوەش کۆمەڵێ چاکسازی بوو لە کۆتایی سەردەمی حوکمی سوڵتان عبدالعزیز لە دیسەمبەری ١٨٧٤ دەرچوو، زیاتر جەخت کردنەوەیەک بوو لەسەر چاکسازیەکانی خەتی گوڵهانە و خەتی هومایۆنی، و پێویستی ڕێزگرتن لە مافی هەموو هاوڵاتیەکان بەبێ هەڵاوێردن و ڕێکخستنی کارگێڕییەکانی حکومی بە یاسا.

## مەشروتیەی یەکەم وجاڕدانی دەستووری ١٨٧٦

مەشڕوتیە بە مانای دەستوور یان یاسای بنچینەیی دێت. ئەو ڕیفۆرمە ڕەگوڕیشەییە سوڵتان عبدالحمیدی دووم ئەنجامیدا، چونکە لەلایەک عبدالحمیدی دووەم زۆر سیاسی بوو و دەیویست بە هەر نرخێک بێت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بپارێزیت! لەلایەکیش دەیزانی زۆر لە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی لەگەڵ هەل ومەرجی ئیمراتۆریەت ناگونجێ لە سەدەی هەژدەم، بۆیە لەگەڵ هاتنە سەر تەختی، سوڵتان عبدالحمید سەرۆکایەتی وەزیران [الصدر الاعظم] دایە دەستی مەدحەت پاشا، کە هەرە مەزنترین ڕیفۆرمخواز بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا، و فەرمانی پێکرد بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دانانی دەستوور.

ئەوەبوو مەدحەت پاشا کە ڕیفۆرمخوازێکی گەورە بوو، جێی پەنجەی بەسەر مێژووی عوسمانیەکانەوە دیارە، پەرلەمانی دامەزراند کە لە دوو ئەنجوومەن پێک هاتبوو، ئەنجوومەنی ئەعیان واتە پیاوماقوڵان و پیران و ئەنجوومەنی نوێنەران، جاڕی دەستووریش درا لە دیسەمبەری ١٨٧٦.

ئامانجی هەرە گەورەی سوڵتان عبدالحمید ڕازیکردنی مەسیح وناموسڵمانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بە یەکسان کردنیان، هەروەها بۆ ئەوەی هیچیتر وڵاتانی ئەوروپی زلهێز فشار نەخەنە سەر سوڵتان و دەست وەرنەدەنە کاروباری سەڵتەنەت بە بیانووی پارێزگاری لە مافەکانی ناموسڵمانان، سوڵتان عبدالحمید ویستی بیسەلمێنێ کە دەوڵەتی عوسمانی توانای چاککردنی خۆی هەیە، و هەنگاوی جدی دەنێ بەرەو دەوڵەتێکی دەستووری سێکیولار..

پڕۆژەی چاکسازی عوسمانی لەلایەن چەند هێمایەکی سیاسی چاکسازی عوسمانی بەڕێوەدەبرا، کە بەرزترین پایەی سیاسیان هەبوو لە دەوڵەت، هەمووشیان لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئەوروپا دەرچووبوون، هەڵگری بیری ڕێنیسانس و شۆڕشی فەرەنسی وبەهاکانی بوون، ناودارترینیان مصطفي رشيد باشا، وفؤاد باشا، وعالي باشا، ومدحت باشا، ئەوانە لە پشت بزوتنەوەی تەنزیماتی چاکسازی بوون کە لە ساڵی ١٨٣٩ بە ڕەسمی دەستی پێکرد.[٧]

---

[٧] https://www.turkpress.co/node/10107

# ئایا ویستی ڕیفۆرمخوازی

# سوڵتان عەبدولحەمید هەقیقی بوو؟!

تۆ سەرنج بدە ئەو سوڵتان عبدالحمیدەی کە وەک خەلیفەیەکی ڕاشیدی لە ئەدەبیات ونووسینی ئیسلامییەکان ناوی دێ، گوایە ڕازی نەبووە فەلەستین بفرۆشێ! لەسەر دەستی ئەودا دەستوورێکی سێکیولاری وەرگیراو لە دەستووری فەرەنسی و بەلجیکی و سویسڕی و ئەمریکی، کرایە دەستووری خەلافەتی عوسمانی، و پەرلەمانێکی هاوشێوەی پەرلەمانی دەوڵەتانی ئەوروپایی دامەزرێنرا کە نوێنەری هەموو دین وتایفیەکی تێدا بوو.

هەر لە سەردەمی خەلیفە عبدالحمیدی دووەم یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەران کرا، ویەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە ٧١ نوێنەری موسڵمان و ٤٤ نوینەری مەسیحی و ٤ نوێنەری جوو.

سوڵتان عبدالحمید وەک ئەردۆگان لە یاسا ودەستوور سێکیولار بوو لە ترسی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەت، بەڵام لە ڕووکەشدا هەر وای نیشانی موسڵمانان دەدا کەوا خەون بە تەتبیقی شەریعەتەوە دەبینێت!

سەیر لەوەدایە سوڵتان عبدالحمید هەتا لە ژیانی تایبەتیشیدا زۆر غەربزەدە یان وێسترەنایز بوو وەک ئەردۆگان کە دڵی بۆ یەکێتی ئەوروپا لێدەدات و بەشێکی زیندووی ناتۆیە ونایەوێ دەستبەرداری بێت، کەچی شەو ورۆژ وتاری ئیسلامی سیاسی دەڵێت ودەڵێتەوە! خاڵی لێکچوو وهاوبەش زۆر زۆرە لەنێوان عبدالحمید وئەردۆگان ڕەنگە پێویستی بە وتارێک بێت! گرنگترینیان ئیسلامی سیاسی و فریودانی خەڵکە بە دروشمی ئیسلامی عاتیفی، یاریکردنیانە لەسەر دوو پەتی عەلمانی وئیسلامی!

سوڵتان عبدالحمیدیش زۆر حەزی بە خوێندنەوەی ڕۆمانە پۆلیسیەکانی شارلۆک هۆلمز و کتیبەکانی گەریدەکان بوو. عەبدولحەمیدی دووەم زۆر سەرسامی مۆسیقای ڕۆژئاوایی و شانۆگەرییە مۆسیقاییەکانی غەربی بوو، بەردەوام لە کۆشکەکەی ئەو مۆسیقایانە لێدەدرا، هەتا شانۆیەکی تایبەتی

لە کۆشکەکەیدا هەبوو بۆ ئاهەنڨی مۆسیقی خۆرئاوایی وشانۆگەری مۆسیقی خۆرئاوایی![٨]

[٨] کتێبی السطان عبدالحمید والرقص مع الذئاب. مصطفي ارمغان، دار العربية للعلوم والنشر- بيروت ، الطبعة الاولى ٢٠١٢*ص [٦١].

# هەڵوێستی هەقیقی خۆرئاوا

# لە پڕۆژەی سێکیولاریزمی عوسمانییەکان!

دەولەتی خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی یەکێکە لە تەمەن درێژترین خەلافەتی ئیسلامی لە مێژوودا، لەو ماوە درێژە ئەگەر یاساکانی شەریعەت قابیلیەتی گۆڕان و پێشخستنی تێدا بوایە، ئەو ئیمپراتۆریەتە ناچار نەدەبوو پەنا بباتە بەر یاسای عەلمانی و مەدەنی و ئەوروپی، خەلیفەکان چونکە زۆر پراگماتیک و کورسیدۆست بوون و لە پێناویدا براکانی خۆیانیان بۆ دەکوشت، بۆیە کاتێ زانیان یاساکانی شەریعەت ناگونجێ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتێک دەیەها گەل و ئاین و ئۆلی تێدا بێت، زۆر میکیاڤیلیانە کەوتنە خۆیان بۆ گۆڕینی یاساکانیان بەرەو یاسای مەدەنی وسێکیولار.

ئەگەر جیهانی خۆرئاوا نیازی چاک وپاک با، و هاوکاری هەوڵی گۆڕینی لەسەرخۆی جیهانی ئیسلامی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردبا بەرەو دەستور ویاسایەکی مەدەنی سێکیولار ودیموکرات، ئێستا جیهانی ئیسلامی لە بارودۆخێکیتر دەبوو،

ڕەنگە شانی لە شانی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانی خۆرئاوا دابایە.

بەڵام لە جیاتی هاوکاری کردنی قۆناغی گواستنەوە بەرەو سێکیولاریزم، هێزە ئیمپریالیزمەکان بە پێچەوانەوە هەر خەریکی نانەوەی کێشە وئاشووب بوو لەناوچەکان و شوێنە جیاجیاکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە ترسی ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو ئیمپراتۆریەتە بگەڕێتەوە سەر ڕێگای خەلافەتی ئیسلامی و دیسان ئەوروپا لە زەواقە بنێت، هاتن ئەو ئیمپراتۆریەتەیان هەڵوەشاندوە وپارچەپارچە کرد. لەوەش تاڕادەیەک ناهەق نەبوون چونکە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی زۆر ترسناکە وبۆی هەیە پاش دەیان ساڵ لە عەلمانیەت عەلمانیەکی ڕووکەشی وەک عبدالحمیدی دووەم یان ئەردۆگان هەڵتۆقێ و هەوڵی زیندووکردنەوەی وتار وئامانجی ئیسلامی سیاسی بدات، ئەو ئیسلامە سیاسیەی کە خۆرئاوا نەمانی خۆی لەودا دەبینێت!

کێشەکە ئەوەیە ئەو هەڵوێستە خۆرئاواییەی دژ بە سێکیولاریزم ودیموکراتی بوونی جیهانی ئیسلامی هەست دەکەم بەردەوامە ودرێژەی هەیە.

ئەو ئاڕاستەیە لە میدیای خۆرئاوایی دەردەکەوێت، کە هەمیشە بایەخ بە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەدات، لە هەڵوێستی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان دەردەکەوێت، کاتێ هیچ هەست ناکەیت بایەخ بە دامەزرانی دیموکراتیەتی سیاسی نادەن. لەوە دەردەکەوێت کاتێ بە بەردەوامی سەردانی دیکتاتۆر وگەندەڵ و ستەمکارەکان دەکەن و پیرۆزبایی سەرکەوتنە سیاسیە پڕ تەزویرەکانیان لێدەکەن!

تۆ بڕوانە ئەمریکا هاتە عێراق، هەزاران قوربانیدا بە سامان وگیانی، کەچی ئەو عێراقەی لەسەر خوانێکی زێڕ پێشکەش بە ئەحزابی دینی ئیسلامی شیعی کرد! هەمووی بە ناوی دیموکراتیەت، خۆیان دەزانن ئەو گەلە ئامادەی دیموکراتیەت نییە لەپاش بەسەربردنی هەموو ژیانی لە ژێر دیکتاتۆریەی بەعس، بەڵام هێندە پەلەی بوو عێراق بداتە دەستی ئەو ئێرانچییە مەزهەبیانە، تا عێراق بکەوێتە ناو گێژاوێکی شەڕی مەزهەبی، سەرەتای هەبێت وکۆتایی دیار نەبێت.

نوح فیلدمان ئوستادی یاسا لە زانکۆی هارڤارد، وپسپۆر لە توێژینەوەی دەستوری، بە تایبەتی پەیوەندی ئایین بە یاسا، کە ڕاوێژکاری حاکمی ئەمریکی لە عێراق، کە ڕۆڵێکی سەرەکی

هەبوو لە نووسینەوەی دەستوری عێراقی کاتی لە ٢٠٠٤، کە لە ٢٠٠٦ چووە بواری جێبەجێوە. دەستورێکی نیوە دینی ونیوە دیموکراتی نووسیەوە، مرۆڤ نازانێ ئەو دەوڵەتە دینییە یان دیموکراتی! بابڵێین دەستورەکە زیاتریشی دیموکراتی بوو، بەڵام چۆن ئەو دەستورە دیموکراتییە دەدرێتە دەست کۆمەڵە حزبێکی دینی ئیسلامی شیعی بۆ ئەوەی جێبەجێی بکەن؟!

هەر ئەو نوح فیلدمانە لە لێکدانەوەی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەڵێت:

دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنچینەی شەریعەت حوکمی دەکرد و زانایانی ئیسلامیش چاودێر بوون بەسەر خەلیفە لە جێبەجێکردنی شەریعەتدا، هەروەها نێوەندی نێوان خەلیفە وخەڵکیش بوون، لەو ڕێگایەوە شەرعیەتی خۆیان و خەڵکیان بە خەلیفە دەدا، بەڵام کاتێ خەلیفە شەریعەتیان بە یاسایی کرد ئینجا یاساکانی باری کەسێتیان لە دوو توێ [مجلة] کۆ کردەوە لە نێوان سالانی ١٨٦٩-١٨٧٦.. کەوابوو گۆڕانی شەرع لە کۆمەڵێ بنەما و زاناکان دەتوانن حوکمی شەرعی دەربکەن، بۆ کۆمەڵێ یاسا و پرنسیپی ئامادە، بووە هۆی پاشەکشەی ڕۆڵی زانایان! هیچیتر کۆمەڵگا کاری بە زانایان نەما بۆ تێگەیشتنی شەرع،

چونکە شەرع لە [المجلة] دا بە ئامادەیی نووسراوە، بۆیە شەرع ببوە [المجلة] و ئەوەی لە شەرعیش هاتبا لە [المجلة] دا نەهاتبا هیچ ئەرزشێکی نەبوو!

هەروەها هەنگاوێکیتریش هاوێشترا لە بارەی ڕۆڵی زانایان، ئەویش خۆی ەیان دەکات لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ تەنزیماتی یاسایی لە ١٨٣٩، ئەو ئەنجوومەنە ڕۆڵی داڕشتنی دەستووری نوێی پێسپێردرا لە ژێر چاوەدێری کۆمەڵێ زانای تەعینکراوی ناهەڵبژێردراو بە فەرمانی سوڵتان.

فیلْدمان پێیوایە هۆکاری ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی بۆچوونی ئیسلامی و چاوەدێری زانایان بەسەر جێبەجێکردنی شەرع لەپاش هەوڵە ڕیفۆرمستەکانی سوڵتانە عوسمانیەکان! چونکە پێیوایە فەرهەنگی ئیسلامی فەرهەنگێکی خۆبەدەستەوەدەر وملکەچ و بێ هودەیی سیاسی نییە، بەڵکو کلتورێکی بارگاوییە بە بەهای سیاسی، بەڵام لەبەر دوورخستنەوەی ڕۆڵی کاریگەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا کە

زانایانن، ونەهێشتنی هەڵسان بە ڕۆڵی خۆیان ئەو فەشەلە ڕوویدا لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا![9]

یانی نوح فیڵدمان دەیەوێت بڵێ سێکیولاریزم وديموكراسیەت بۆ ئێوەی موسڵمان نەشیاوە! وەک جوڵانەوەی ئیسلامییە سیاسییەکان دەڵێت: [ئیسلام تەنها چارەسەرە!] بۆیە نەدەبوایە دەوڵەتی عوسمانی ڕیفۆرمی لە یاساکانی شەریعەت کردبا!!! ئەوە لە کاتێکدا بەڕای من سێکیولاریزم و دیموکراسیەت لە سەردەمی نوێدا لە جیهانی ئیسلامیدا لەسەر دەستی جەلالەدین ئەکبەر زۆر پێش دیموکراتیەت وسێکیولاریزمی خۆرئاوا کەوتبوەوە! لەو کاتەی جەلالەدین ئەکبەر دەوڵەتی هاوڵاتی ویەکسانی دروستکرد، لەو کاتانەدا شەڕی کاتۆلیک و پرۆتستانت خەریک بوو قڕ بخاتە گەلی فەرەنسا، وئەکبەر میانگیری دەکرد لە نێوان دووبەرەی شەڕکەری مەزهەبی!

ئەوەی نوح فیڵدمان نایەوێ بیڵێ ڕۆڵی نەگریسانەی خۆرئاوا وئەوروپایە لە تەگەرە خستنە بەر ڕەوڕەوەی گۆڕانە لە جیهانی

---

[9] نوح فيلدمان، «سقوط الدولة لإسلامية ونهوضها»، ترجمة: الطاهر بوساحية، (بيروت، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، الطبعة الأولى ٢٠١٤م.)، صـ:٤١

ئیسلامیدا، من دڵنیام ئەگەرچی هۆکارگەلێکی تریش هەبوو بۆ ڕوخانی ئەزموونی بە عەلمانی بوونی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ڕۆڵی تێکدەرانەی خۆرئاوا بە سەرەکیترین هۆکار دەزانم لەو بوارەدا، ئەو ڕۆڵەش بەداخەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، لە فۆرمی جیاجیا خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئەوەی لێشی دڵنیام ئەوەیە خۆرئاواش خەریکە بە ئاگا دێتەوە کە ئەو ڕۆڵە تێکدەرانەیان لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر بە خراپ بەسەر خۆشیان دەشکێتەوە، هیچیتر بەرگەی ئەو هەموو لێشاوە کۆچبەرانە ناکەن، کە لە دەست ئیستیبدادی سیاسی و دینی ونادادی و نەبوونی ئازادی و دیکتاتۆریەت و هەژاری ڕادەکەن بەرەو بە هەشتە ونبووەکەی خۆرئاوا!

بۆیە شتەکان ئێستا هەمووی پێکەوە بەستراوە، تا سێکیولاریزم ودیموکراسیەت لە جیهانی ئیسلامی باڵ نەکیشێ، لێشاوی هیجرەت بەرەو خۆرئاوا ناوەستێت، تا خۆرئاوا دەست لە پشتی دکتاتۆرەکان بدات، و ئابووری ئەو وڵاتانە دادۆشێت.

محەمەد هەریری ٢٠١٩/٦/٦

## پێڕستی دەوڵەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت


| بابەتەکان | ژ لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بــــەشـــــــی یـــەکـــەم | ٧ |
| حەتمەیەتی سێکیولاریزمی دواهەمین خەلافەتی عوسمانی ئیسلامی! | ٨ |
| هەڵوێستی ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان لە دەوڵەتی عوسمانی | ١٠ |
| محمد قوتب و هەڵسەنگاندنێکی سەلەفیانە بۆ دەوڵەتی عوسمانی! | ١٢ |
| زەبردەستی عوسمانییەکان و یاسای محمد فاتح وەک نموونە! | ٢٠ |
| میکیاڤلیەتی سوڵتانە عوسمانییەکان! | ٢٧ |
| بــــەشـــــــی دووەم | ٣١ |
| ڕیــــفـــۆرمـــــە عەلمانیەکانی خەلافەتی عوسمانی! | ٣١ |
| ڕیتمی ڕیفۆرمە عەلمانیەکان خەلافەت و بەربەستەکانی! | ٣٢ |
| تەنزیماتی یان خەتی گوڵهانە ١٨٣٩ | ٣٥ |
| خەتی هومایۆنی ١٨٥٦ | ٣٦ |
| بــــەشـــــــی ســێـــیــەم | ٣٧ |
| دوا سوڵتانی عوسمانی | ٣٨ |
| عبدالحمیدی دووەم و سێکیولاریزم! | ٣٨ |
| خەتی چاکسازی و تەنزیماتی نوێ ١٨٧٤ | ٣٨ |
| مەشروتیەی یەکەم وجاڕدانی دەستووری ١٨٧٦ | ٣٩ |
| ئایا ویستی ڕیفۆرمخوازی سوڵتان عەبدولحەمید هەقیقی بوو؟! | ٤١ |
| هەڵوێستی هەقیقی خۆرئاوا لە پڕۆژەی سێکیولاریزمی عوسمانییەکان! | ٤٤ |

# تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە:
# زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی:** ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا

**دۆسێی:** ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!
جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا!

**دۆسێی:** ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی

**دۆسێی:** پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک

**دۆسێی:** ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب

**دۆسێی:** ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا
ژمارە ( ٦ )

**دۆسێی:** فەرهاد پیربال: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ژمارە ( ٧ )

**دۆسێی : کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ژمارە ( ٨ )**

دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150630225203124٦٥٩&lng=١

# بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ

هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:
http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=20150630225203١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems

A Series of Cultural & Intellectual Dossiers

Dossier Number: ( 9 )

# Dossier of:

# The Ottoman Caliphate from Shari'a to Secularism

Written by: Mohammed Hariri

First Edition: July 2019



عوسمانیەکان دواهەمین دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بوون لەسەر زەوی، بۆیە بەرخوردی ئەوان لەگەڵ بیری سیاسی نوێ و هاوچەرخ، گرنگی خۆی هەیە، دەبوایە حەسەن بەنا بە وردی مێژووی خوێنبایەوە، لە ڕوانگەیەکیسیاسی و واقیعیانە، ولە حەتمیەتی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی تێگەیشتبا، بەرلەوەی بیر لە دامەزراندنی ئیخوانی موسلمینی کردبایەوە، بۆ ئەوەی ئەو مێژووە درێژە سفرکاتەوە، لە ڕوانگەی سۆفیەکی جەربەزەگرتوو مێژوو بخوێنێتەوە وابزانی ئەو دواکەوتوویەی کە جیهانی ئیسلام تێیکەتووە لەبەر پشتکردنیانە لە شەریعەتی ئیسلام، و کارکردنیانە بە هەندێ یاسای دانراوی مرۆڤ کردە!

هەر بەناش نا، تا ئەمڕۆش زۆر لە نووسەرە ئیسلامییەکان بۆ ڕاکردن لەو راستیەی کە دەوڵەت بەو یاسا دینییە جیاکارانە و پڕ لە قەسوەتانەی وەك ڕەجمکردن ودەستبڕین و کوشتن بەڕێوە ناچێ، دەڵێن دەوڵەتی عوسمانی لە لاوازییەوە و لە ژێر فشاری زلهێزەکانی ئەو کاتە، پەنای بردە بەر یاسا مەدەنییەکان!

بەڵام کە دەڕوانیتە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییە، بۆت دەردەکەوێت کە ئەوە ڕاست نییە، چونکە سەردەمی محمد فاتح ترۆپکی بەهێزی دەوڵەتی عوسمانی بوو ساڵی ١٤٢٩ زاینی، کەچی خەڵکی ئەو دێرزەمانە بەر لە بڵاوبوونەوەی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ پێیان پڕ قەسوەت بووە، هەتا دەوڵەت ناچار بووە ئەو سزایەی ڕەجم هەڵگرێ، نەك تەنها زینای نێر ومێ، بەڵکو هۆمۆسێکچواڵیتیش لە ساڵی ١٨٥٦ لە لیستی سزا دەرهێنرا.

Design: hadi hunar